# ئەنفلەوەنزای باڵندەو
# هەواڵێک بۆ پێکەنین

**مەجید دڵنیا**

سایتی پ.یو.کەی میدیا ڕۆژی20.1.2006هەواڵێکی لەسەر ئەنفلەوەنزای باڵندە لە باکووری کوردستان بڵاوکردوەتەوە،ئۆباڵی ئەو نەخۆشیەی لەسەر زاری یاربای جێگری حیزبی دەسەڵاتدار وەرگرتووە،بەوەی کە گوایە پ.ک.ک لە پشت بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئەو نەخۆشییەیە نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو حیزبە بۆی هەیە سود لە چەکی کیمیایی وئەتۆمی دژ بە تورکیا وەربگرێت.بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە جگە لە پێکەنین هیچ شتێکیتر هەڵناگرێ.

بەڵام داخ و حەسرەت و چەواشەیی ڕاگەیاندنێکی کوردی لەوەدایە کە دێت هەواڵێکی بێبنەمای ژەهراوی وا لەلایەن یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنەکانی کوردەوە دەکرێت ، دژ بە لایەنێکی کوردی،بێت و لەسایتێکی ئەلکترۆنیدا بڵاویبکاتەوە،جێگەی دونیایەک پرسیارە!

ئەم هەواڵە بەو بێبنەماییەو پڕ ژەهراوییەی هەرچۆنێک بێت ،تەنیاو تەنیا دەچێتە خانەی باشترین خزمەت بە دڕندەترین دەوڵەتی دژبەکوردو هەوڵێکیشە بۆ سپیکردنەوەی ڕووی ڕەشی دەوڵەتێک کە خاوەنی چڕترین بەرنامەی سڕینەوەی کوردو لەناوبردنیەتی.

ئەم هەواڵە لە ناوەڕۆکدا هێندە لاوازە بۆیە بەرپرسی ئەو ڕاگەیاندنە زۆر بەشەرمەوە بڵاویکردۆتەوە، لە کوردستانی نوێی ئەورۆژەشدا ،تەنانەت هیچ ئاماژەیەکیان پێنەداوە.

هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد بە گشتی و پ.ک.ک بەتایبەتی تەنانەت بۆ منداڵێکی کورد ڕۆشنە،بۆیە من ناچمە سەر هیچ وردەکارییەک تەنیا ئەوە دەڵێم دەوڵەتی عەسکەرتاری تورک ،بەردێک لە ئاسمانەوە بکەوێ بەسەریانا ،جەنەراڵ وشۆڤێنیستانی تورک ،پ.ک.ک و کوردی پێ تۆمەتبار دەکەن.زۆر کار کە دەوڵەت بکەرەکەی بووە،ئۆباڵەکەیان داوە بەسەر شانی پ.ک.ک دا.ڕووداوەکەی شەمزینان باشترین بەڵگەبوو کە ڕووی دزێوانەی تیرۆری دەوڵەتی تورکی تیا ڕەشتربوو.کێ بڕوا بەوە دەکات حیزبێک هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی کوشندە بێت بەرامبەر هاوزمان وهاوخوێنەکانی خۆی لە باکوری کوردستانا!کارەساتە تەرویج بە ڕاگەیاندنێک بدەی کە دوژمنەکەت سەرچاوەکەی بێت دژ بەلایەنێک و حیزبێکی شۆڕشگێری هاو چارەنووس .ئەمە لەکاتێکدا ڕەجەب ئەکداڵی وەزیری تەندروستییەکەیان بڵێ شتی وا ناکرێ جێی باوەڕکردن بێت ،چونکە ئەو نەخۆشیە تێکەڵاوبوون لەگەڵ پەلەوەر هۆکارەکەیەتی.

ئەوە جگەلەوی دەوڵەتانی ئەوروپا گلەییان لە تورکیا کرد بەوەی کە زوو وڵاتانی جیهانی لەو نەخۆشیە ئاگادار نەکردۆتەوە و کەمتەرخەم بووە.تەنانەت دەستەی پزیشکانی تورکیاش دەوڵەتیان بە کەمتەرخەم تۆمەتبارکرد.

سەربارى هەموو چاوچنۆکیەکی ئەو دەوڵەتە لە ئاشکرا نەکردنی هەواڵێکی وا تا زەرەری زۆریان پێنەگات بەڵام هەرکەسێک شارەکانی باکووری کوردستانی دیبێت تێدەگات کە لەڕووی خزمەت گوزارییەوە چەند وەلانراوون،گەر بایەخ و فشاری نێو دەوڵەتی نەبوایە هەرگیز ئەوان ئامادەنەدەبووون وا بەو زوویە بە فریای لەناوبردنی ئەو ڤایرۆسەوە بچن.بایەخنەدانی ئەو دەوڵەتانە بەو بەشە کوردنشینانە کارێکی بەرنامە ڕێژو بەئەنقەستە!

بەداخەوە حکومەتەکەی سلێمانی ساڵانێکە زۆر خراپ کەوتوەتە ژێر کاریگەری سیاسەتی گێرەشێوێنانەی دەوڵەتی تورکەوە.ڕاگەیاندنەکانیان ڕاشکاوانە خزمەت بە سیاسەتی دەوڵەتی تورک دەکەن.کۆنترۆڵ کردنی بازارەکانی کوردستان لە کاڵاوشمەکی تورکی ودانی بەشی شێر لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە بۆ شیرکەتە

تورکییەکان وکردنەوەی دوو کۆلێژ بەزمانی تورکی بەشێکن لە دەرەنجامی ئەو کاریگەرێتییە،ئەمانە جێگەی مەترسی و نیگەرانییەکی زۆرن ،دەرهاویشتەکانی لە داهاتوودا زەقتر دەردەکەون!

ئێستا دوای ئەوەی سەرەتای ئەو نەخۆشیە لە دەوروبەری ڕانیە لەباشوور سەری هەڵدا وبەمەرگی شەنگین وخاڵی دەستی پێکرد و لەتەشەنەسەندنیش دایە،هەقە بپرسین ئەرێ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییە لە باشوور دەخەنە ئەستۆی کێ؟دیارە ئۆباڵەکەی هەر چییەک بێت،لەوە تێناپەڕێت کە کەمتەرخەمی دەسەڵات و وەزارەتی تەندروستی بەرپرسیاری یەکەمن لە ئاست خزمەت و سەلامەتی هاووڵاتیان.هۆشیارنەکردنەوەی زوو بەزووی خەڵک لەو نەخۆشیەوئینکارکردنی مردنی شەنگین بەو ڤایرۆسە بەشێکیترە لە کەمتەرخەمی وەزارەتی تەندروستی.

ماوەتەوە بڵێم گەلۆ کاتی ئەوە نەهاتووە ،حیزبە دەسەڵاتدارەکان بیر لە ڕاگەیاندنێک بکەنەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردا بێت!تۆوی خۆشەویستی و برایەتی لە نێو ڕۆڵەکانی کوردا بچێنن و چێتر نەبن بە مقاشی دەستی دوژمنان!دیارە ئەمە یەکەم جاریش نییە هەواڵی وا لە ڕاگەیاندنەکانی باشوورەوە دەردەچێت ،هیوادارم لێرەوە زۆر لێپرسراوانە دەست بۆ ڕاگەیاندنی لەوجۆرە ببەین .ببینن دوژمنانی ئێمە لە سایتەکانی خۆیانەوە ڕۆژانە چیمان پێدەڵێن ،درۆی چۆن بۆ میللەتی کورد هەڵدەبەستن، گەر ئێمە خەمی کێشەی کوردو سومعەی کوردمانە با لەئاست ئەو قەڵەمە ڕەش و قین لەدڵانە بێینە وەڵام ،نەک تەرویج بە هەواڵێکی بێبنەما دژ بە هاوخوێن و هاوزمانێکی خۆمان بدەین.ڕووسوری بۆ چەند قەڵەمێک لەم ڕووەوە درێغیان نەکردووە.پێشینانیش وتویانە (هەزار ساڵ بکەی بێگانە پەرەستی،دوایی هەردەهێنی نوشووستی).